سەبارەت بەم پیاوە، پێچەوانەی فەرمانی ئەبو قاسم -صلى الله عليه وسلم- کردەوەی کرد

لە ئەبی شەعسائەوە دەڵێت: لە لای ئەبی هورەیرە بووین -ڕەزای خوای لێبێت- لە مزگەوتدا، بانگبێژ بانگی دا، پیاوێک خەریک بوو دەردەچوو لە مزگەوت، وچاوەکانی ئەبو هوریرە لە شوێنی ئەو پیاوە بوون هەتاوەکو دەرچوو لە مزگەوت، ئەبو هورەیرە ووتی: «سەبارەت بەم پیاوە، پێچەوانەی فەرمانی ئەبو قاسم -صلى الله عليه وسلم- کردەوەی کرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبو شەعسا باسی ئەوە دەکات کە دانیشتبوون لە لای ئەبی هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- لە مزگەوتدا، بانگبێژ بانگی دا، پیاوێک لە پاش بانگدان خەریک بوو دەردەچوو لە مزگەوت، ئەبو هوریرە -ڕەزای خوای لێبێت- سەیری ئەو پیاوەی کرد ئایا لە مزگەوت دەردەچێت یان دەیەوێت چی بکات؟ کاتێک بۆی ڕووون بوویەوە کە دەیەوێت دەربچێت لە مزگەوت، ووتی بەم کارەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کردەوەی کرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5731